# له ڕۆژی دایكدا
# بۆ تۆ دایكه گیان

**سەیران**

**ئەگەر ڕۆژێك هەبێت تایبەت بێت بەدایك**

**نازانم چ پەیڤێك هەبێت شایستە بێت**

**كە بتوانێت گوزارشت لە ناخی ووشەكانم بكات؟**

**بۆ ڕۆژێك بۆ هەموو ڕۆژ و ساتەكان،**

**پێشكەش بە دایكم و هەموو دایكانی تریش بێت .**

**گەر بتوانم سۆزم بكەمە ووشەو**

**وەك فرمێسكی چاوی پڕ لە خەم ،**

**چەشنی ڕێژنەی باران بۆت ببارێنم**

**هەرگیز ناتوانم ناسنامەی مەزنێتی تۆ بەیان بكەم ،**

**ئای ... دایكە گیان....**

**هەرچی ڕووناكی هەیە لە بەرۆكی ئەستێرەكانی ئاسمانی بچنینەوە**

**مەحاڵە  وەك بریسكەی خۆشەیستی ناو گلێنەی چاوی دایك پرشنگ بدات ؟**

**هەرچی گەرمی و سۆزی لە ئامێزگرتن هەیە ،**

**هەرگیز تامی گەرمی و ئاسودەیی باوەشی میهرەبانی دایك نادات؟**

**هەرچی عەشق و خۆشەویستی دنیا هەیە**

**درۆیە... لەبەردەم پیرۆزی عەشقی دایكدا بەچۆكدا دێ ؟**

**چەند پیرۆزی ...ئەی دایە گیان**

**تەنها تۆ بوویت.......**

**لە هەموو هەرەسیدڵ و تێك شكاندنەكاندا,**

**لە سۆنگەی ئازار و نەهەمەتیەكاندا**

**لە كاتی ترس و پێویستیدا**

**لەكاتی نەخۆشی و دڵتەنگیدا**

**لەكاتی خۆشی و پێكەنیندا**

**لە كاتی دەرچوون و سەركەوتنەكانمدا**

**لە خوێندن و سەفەركردنمدا ،**

**لە هەموو ساتەكاندا.....**

**ئەی دایەگیان.........**

**تەنها تۆ بوویت...تۆ مانای بوون بوویت ،**

**هەموو شتێك لە پێناوی تۆدا و بۆ تۆ دەژیام ،**

**كە تۆم هەبووی ، چەند بێباك بووم ، خاوەنی خۆشی و پێكەنین بووم،**

**چونكە تۆ هەناسە و ڕۆحی من بووی....**

**بەبێ ترس، بەرەوڕووی كۆسپ و بەربەستەكان دەبومەوە ؟**

چونکە تۆ بەنرخترین سەرمایە و سامانی من بووی...

خۆشەویستیت توانا و هێزی ڕۆچوونی ناخ بوو

تەنها و تەنها......

من بە تۆوە ئازا بووم

دەموویست فریا بکەوم هەرچی و خۆشی و سەرکەوتنەکانم هەیە،

بیکەم بەگوڵە مێخەك .و بەرۆکی تۆی پێ جوان بکەم .

چونکە تۆ بەهێزترین پشتی من بووی ؟

شێتانە بەرەو ئامانج ولوتکەی هیواکانم هەنگاوی خێرام دەنا .

تۆ ڕۆژ بوویت بۆمن هەڵدەهاتی ،

هەموو ڕۆژێك ......،

کڕنۆشم بۆ پەروەردگارێ ئەبرد،

کە تۆی بەو شێوەیە پێ بەخشیبم ؟

دەزانیت .... دایەگیان

چەند سەربەرز بووم کە خاوەنی تۆ بووم،

چەند دڵخۆش بووم کە سەرم لەسەرسنگی تۆ دادەنا ،

گوێم لە دەنگی ترپەی دڵ وهەناسەی ڕۆحی تۆ دەگرت،

چ هەست و ئارامیەکی بێ وێنە بوو ،

بەڵام.......

ئێستا بە بێ تۆ، لە ڕۆحێکی مردوو،و دڵێکی شکاو

لە چاوی پڕ لە فرمێسك و شکست خواردوو

لە ترس و بێبڕوایی زیاتر هیچی تر نیم ،

ئێستا بە بێ تۆ، شەرم لە ڕۆحی خۆم دەکەم،

گەر دەزانیت لەدوای تۆوە چۆن وون و بێپەنا بووم ؟

ئای لە مەرگ چەند کارەساتبار بوویت ؟

چۆن وولاّتی دڵ و کۆشکی خۆشەویستیخاپوور دەکەیت ؟

گەر بەدەستم بوایە سوجدەم بۆ دەبردی ؟

ڕۆحی خۆمم پێشکەش دەکردی ،

پەلە نەکەیت ، ڕۆحی دایکم لێنەفڕێنی؟

چەند ستەمە.......

کە ناتوانی ...تەنها بۆ ساتێکیش خۆت هەڵخەڵەتێنی ،

دەگمەنە ...جارێکی تر بەدیداری ڕۆح شاد بیت ؟

ئەی پیرۆزترین ڕۆح...

ئێستا بە بێ تۆ، هەموو شتێك بۆنی تەنهاییەکی کوشندەی لێ دێت؟

ئێستا جگە لە ئازار نەك پێکەنین تەنانەت خەندەش نامۆیە بە ڕۆحی من ؟

هەرگیز جارێكی تر ڕۆحم  بێ تۆ پێ ناكەنێت؟

ئێستا لەم بێ تۆیدا.....

دەپێم بڵێ.........ئەی دایەگیان

ئەو بڕوانامەیەی  تۆ چاوەڕوانی بوویت ،

پێشكەش بەكێ بكەم .....؟

دڵی كێ پێخۆش بكەم ؟

چەند هەستێكی جوانە كە دەڵێم دایە،

تەنها و تەنها......

خۆزگە بەو كەسانە دەخوازم كە خاوەنی دایكن،

شەیدای هەموو ئەو دایكانەم كە سەرپۆشە سپیەكانیان وەك تۆ دەبەستن؟

شێتی چەفتە و تەزبیحەكەی دەستی تۆبووم؟

شەیدای ووشەی دایەم كە لە زمانی كەسانی ترەوە دەیبستم؟

بەچی دەچێت نرخی هەرخۆشیەك بەبێ تۆ،

چەند بێ توانام .......

كە نەتوانم  هیچت بۆ بكەم ؟كە نەتوانم جارێكی تردڵت خۆش بكەم ،

كە نەتوانم كەمێك پاداشتی خۆشەویستی تۆ بدەمەوە ،

ئەی دایكە مەزنەكەم....

بیرەوەری یادەكانت ڕۆژانە ناخم دەهەژنێت ،

هەرگیز ناتوانم بۆ تەنها ساتێك لە بیریان بكەم ،

ئای... لە شەونخوونی شەوانت ، چاوەڕوانی بەردەوامت ،

لە وەنەوزی بەدیار چرا و پەرتووكەكانمەوە

لە دڵەڕاوكێ و مەترسی دێوەزمەی جەللادەكاندا...

هەمیشە ڕۆح لە مشت و دەم بەدووعا بوویت .

ئەی دایەگیان......

ڕۆحم قوربانی پیرۆزی قوربانیەكانی تۆ بێت.... ،

بۆهەرچیەكت بۆ كردووم؟

بۆلایلایە و بۆ هەر ووشەیەكت فێرت كردووم ،

سوێند بەو هەموو ئەو وانانەی كە لە تۆوە ،

بۆ خۆشەویستی.....بۆ وولات،

بۆ كوردستان و نەورۆز وكورد

فێرت كردووم  ......

بەڵێن بێت....

هەرگیز پەیامی تۆ لەیاد نەكەم ؟

هەرچی هەیە لە سامانی ووشە ....

ووشە بە ووشە .....شەنت بۆ بكەم ،

وێڵی دۆزینەوەی ووشەیەك بم ،
پیرۆزی تۆی تێدا هێما بکەم ،
بڕواناکەم لە ووشەی ناوی تۆ،
پیرۆزترو جوانتر هەبێت ؟
دەپێم بڵێ دایە......... ،
کە تۆ بوویت بە قیبلەی ڕۆحم......
چۆن چۆنی سوجدە بۆ تۆ بەرم ؟
چۆن نوێژ بۆ خۆشەویستی تۆ بکەم ؟
چەند خۆشە وا هەینیە.....
ئاپۆرەی خەڵکی شار ڕووەو ژوانە،
بۆ جێ نزرگەی ڕۆحی خۆشەویستەکانیانە ،
هاتوون بە فرمێسك گوڵبارانی زکری یادەکانیان دەکەن ،
دەزانم دایە....
هەموو ڕۆژانی هەینی تۆ چاوەڕوانی دیدار و دیاریت ؟
هیچ شك نابەم کە گوڵاو پرژێنی ڕۆحتی پێبکەم ،
چی تر هەیە لەچەپکە گوڵ و ڕێحانە کە بە دیاری بۆتی بێنم ؟
ئەی سەیوانە سەربەرزەکەم.......
تۆ لە پیرەمەگروون و گویژە سەرکەش تری
لە باوەشی تۆدا بە هەزاران ڕۆحی پاکی وەك دایکی من لە خۆ دەگریت ،
تەنها تکام، لەڕەشەبا و ووشکە سەرما، بەرگە سپیەکەی دایکم نەدرێنێ،
ئەی ئەرخەوانە پیرۆزەکان کە باوەشێنی ڕۆحی دایکم دەکەیت،
ئاگادار بە ووژەیگەڵاکانت ڕۆحی دایکم بێزار نەکەن ؟
ئەی دایە گیان.......
خۆزگە بم توانیایە.....
ئێستا تێر تێر دەستەکانتم ماچ بکردایە ؟
لە باوەشی تۆدا جارێکی تر تێر تێر بگریمایە ؟
خۆزگەم دەخواست......
زیندوو بوویتایە لەبەرپێتا سوجدەم بۆ بردیتایە ،
تێر تێر خۆڵی بەرپێتم ماچ بکردایە. وەك موفەڕك هەڵم بگرتایە،
هەرچی بڵێم و هەرچی بکەم...
چەند بێسوودە........
کە ناتوانم جارێکی تر، بانگت بکەم ....
جارێکی تر دڵت خۆش بکەم ؟